


# پیشانگایەک بۆ هـــــــ



ڕۆژی ١٤ی شوبات، بەشی شێوەکاری لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، بە سەرپەرشتیی هونەرمەند رزگار فەقێ عەوڵا مامۆستای پەیمانگاکە، پیشانگایەکی هاوبەشی شێوەکاریی بۆ دوازدە قوتابیی قۆناغی سێی بەشی نیگار لە پەیمانگاکەدا کردەوە.

یەکێ لەو بنەمایانەی کە ئاستی خوێندن و پەروەردەی ئەکادیمی بەرەو ژوور دەبات، پیادە کردنی بنەماکانی خوێندنە بە کردار و بەرهەم. ئەم ڕێسایە لە ئاستی خوێندنی پزیشکیدا تا رادەیەکی باش پیادە دەکرێت، ئەگەرچی لە گەلێ رشتەی دیکەشدا هەوڵ بۆپیادە کردنی بنەماگەلی تیۆری دەدرێت، بەڵام لە واقیعی حاڵدا کەمتر ئەو پیادە کردنە بە کردار دەکرێت، بەڵکوو لە زۆربەی بوار و پسپۆرایەتییەکاندا بە شێوەیەکی رووکەشانە بەڕێوە دەچێت. ئەمەش واتە بە ئامانج نەگەیشتنی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەی ئەکادیمی لە رووی ژیانی کردارەکییەوە.

کردنەوەی پیشانگا بۆ قوتابیانی بەشی شێوەکاری لە قۆناغی خوێندندا، هەوڵێکی راست و دروستە بە ئاراستەی بە کردار کردنی هونەر و پیادە کردنی بنەماگەلی تیۆری و ئەو مەشق و هەوڵ و ئەزموونەی قوتابیانی ئەو بەشە لە ساڵانی خوێندندا دەیدەن و دەیکەن. ڕێی تاقی کردنەوە و خۆ سەلماندن و ئاراستە کردنی پەیامی ستاتیکیشە بۆ جەماوەری وەرگر (بینەرانی پیشانگا و نمایشەکان). هەموو ئەمانەش متمانەیەکی زۆر بە قوتابیانی هونەر دەدەن، بە رادەی ئەوەی ڕێیان بۆ خۆش دەکات کە بەرەو گۆڕەپانی هونەر (چ وەك بەرهەم و چ وەك مامۆستا و ڕێ نیشاندەر) هەنگاو بنێن، پاشان خۆیان بە بەشێك لە کۆمەڵ بزانن و پیشە و بەهرەکەشیان وەك بەشێك لە بەرهەم و داهێنان و سامان و داهاتی نەتەوەیی بزانن، توانا و داهێنانی خۆشیان بخەنە گەڕ. لەم گۆشەنیگایەوە، کردنەوەی پیشانگا و پێشکەش کردنی نمایش بۆ قوتابیانی هونەر کارێکی هەم گرنگ و هەم هەستیارە، ئەوان دەخاتە سەر مەحەکی خۆ ناسین و خۆ تاقی کردنەوە. ئیدی بۆیە کاتێك بەشی شێوەکاری لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر پیشانگایەکی هاوبەشی لە ٢٠١٧/٢/١٤دا بۆ دوازدە قوتابی (ئارام محێدین، ئالا نەوزاد، ئاسان جەلال، جینان هێرش، دلڤین تاریق، زەهرا ئەکرەم، سکاڵا رزگار، شەونم رەمەزان، عەلی عەبدوڵڵا، محەمەد شوان، هێلین نەوزاد، هاوژین خورشید) لە لقی نیگار سەر بە بەشی شێوەکاری کردەوە، ئەوە هەنگاوێکی دروستی هاویشت بە ئاراستەیمتمانە بەخشین بە توانا و مۆراڵی ئەو قوتابیانە، بە تایبەتی کە ئەوان ئیدی لەگەڵ سێ ساڵ خوێندن و پەیدا کردنی ئەزموونی کردارەکی و بەدەست هێنانی زانیاریی تیۆری لە بواری پسپۆرایەتیی خۆیان (هونەر نیگار)، هەست دەکەن خۆیان لە ڕووبەڕووی جەماوەری وەرگردا دەبیننەوە،



ئا/ تاریق کاریزی


# ـــــونەری قوتابیان

لێرەدا ئەوان دەکەونە نێو پرۆسەیەکی خۆ ناسین و تاقی کردنەوەی بەهرە و توانای خۆیان و لە تەرازوو دانی سەلیقەی جەماوەری وەرگر.

وەك هەر پیشانگایەکی هاوبەش، بەشداران هەمەڕەنگییەك لە رووی ئاستی هونەری و تەکنیك و ستایلی کار کردن و بەکار هێنانی رەنگ و گەڵاڵە کردنی فۆرم و هەڵبژاردنی بابەت و داڕشتن و روانینی جوانناسییەوە، جیاوازییەکی مەودا فراوانیان تێدا بەدی کرا. جگە لەوە قوتابیانی بەشداری ئەو پیشانگایە ئەگەرچی ئەوەیان لە خۆدا بەدی کرد، کە دەتوانن بەرهەمی هونەری یان بە لای کەمەوە ئەزموونێك (باوەکوو سەرەتاییش بێت) پێشکەش بکەن. ئەمە بۆ خۆی لایەنێکی دیکەی ئەرێنیی پیشانگای لەم جۆرەیە، بەڵام پێ ناچێ هەموویان بە یەك ئاست و هیمەت هەوڵیان دا بێت تا ئەو پەڕی توانای خۆیان لە بوارەکەدا بخەنە روو.

پێم وایە ئەم پیشانگایە دەکرێ وەك دەسکەوتێکی ئەکادیمی بۆ پەیمانگا و بە تایبەتیش بۆ بەشی شێوەکاری هەژمار بکرێت، کارێکی چاك دەبێت ئەگەر بەشەکانی دیکەی پەیمانگا هەمان هەنگاو بە ئاراستەی پێشکەش کردنی نمایشی مووزیك و شانۆ بنێن، هەڵبەت ئامانجیش متمانە بەخشینە بە بەهرە و توانای قوتابیانی بەشەکانی پەیمانگا، هەروەها پراکتیزە کردنی لایەنی تیۆری و ئەکادیمیشە، کە لەم رووەوە هەم قوتابیان و هەم مامۆستایان بەرچاو روونییان بۆ دروست دەبێت، تا چاکتر سوود لە ساڵانی خوێندن لەو دەزگا ئەکادیمییە وەربگیرێت.

پیشانگاکە رەونەقدار بوو، شێوەی نمایشەکە پوخت و گونجاو بوو، لە هۆڵێکی بازنەییدا کە پیشانگاکەی تێدا کرایەوە، بازنەیەك بەرهەمی هێڵکاریی قوتابیان بە قەبارەی گەورە نمایش کرا بوو. لەو بازنەیەدا قوتابیانی بەشدار توانایەکی باش و ئاست هەوراز و نشێویان پیشان دا. بە گشتی ئاستی هێڵکارییەکان باش بوو، نیشانەی ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە قوتابیانی بەشی نیگار مەشقی زۆر چاکیان لە سەر ئەو بنەمایەی هونەری نیگار کردووە. لە ناوەڕاستی هۆڵەکەشدا بازنەیەك تابلۆی رۆن رەنگ بە قەد ستاندەوە هەڵواسرا بوون. لەو بەرهەمانەشدا قوتابیانی بەشدار ئاستی هەمەچەشن و روانینی جۆراوجۆر و هەوڵ بە ئاراستەی تەکنیکی جیاجیا و تاقی کردنەوەی رەنگ لە بەرهەمەکانیاندا بەدی دەکرا. تێکڕا جۆرێك بوو لە ئەزموونی هونەری، وێڕای ئەوە چەند قوتابییەك ئاستی کار و تەکنیکی خۆیان بەرەو ژوور برد بوو، سەرەتای بەهرەی زۆر گەشیان تێدا بەدی دەکرێت، تەنانەت یەکێ لە قوتابییەکان (عەلی عەبدوڵڵا) هەوڵێکی بوێرانەی دا بوو بۆ تاقی کردنەوەی هونەری پێرفۆرمانس و ڤیدیۆ ئارت، ئەم هەوڵەش لە دەرەوەی بازنەی خوێندنی پەیمانگاکەدایە.



### دۆتمیر نازێ:

# زەمەن نابێتە ئاستەنگ لەبەردەم هونەرمەند

دۆتمیر نازێ یەکێکە لە گۆرانیبێژە گەنجەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٣ لە شاری ورمێ لەدایك بووە، لەبەرئەوەی باوکی پێشمەرگە بوو، ئەو ماڵباتە ناچاربوون روو لە هەندەران بکەن و لە سوید بگیرسێنەوەو لەوێ نیشتەجێن. وەك خۆیشی دەڵێ حەزی دەکرد زووتر بهاتبایە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردی.

لە بارەی خۆشەویستیی بۆ هونەر دەڵێ:خولیای گۆرانیوتن و خۆشەویستیم بۆ خاك و وڵاتەکەم هاندەرم بوو بۆ ئەوەی گۆرانی بڵێم، بۆ ئەوەی بتوانم لە رێگەی هونەرەوە هەستی خۆم بۆ وڵاتەکەم دەرببڕم، هەست دەکەم درەنگ بوو، چونکە کۆمەڵگەی کوردەواریش تا رادەیەك رێگرە لەبەردەم ئافرەتان، ئافرەت تووشی هەندێك ئاستەنگ دەبێتەوە تا بتوانێت هێواش هێواش دەرگاکان بکاتەوە، بەڵام پێموایە زەمەن نابێتە ئاستەنگ لەبەردەمم.

دۆتمیر لە بارەی فۆلکلۆرەوە دەڵێ: من لە خانەوادەیەکی کورد پەروەر و هونەردۆست گەورە بووم، بۆیە زۆر گوێم لە گۆرانییە کۆنەکان دەگرت، وەك کاوێس ئاغا و شاکرۆ و مریەم خان، ئەمانەش کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر من هەبوو. تەنانەت زۆر کەس پێیان دەوتم تۆ لە ئەوروپا گەورە بووی چۆن زانیاریت دەربارەی ئەم هونەرمەندە نەمرانە و گۆرانییەکانیان هەیە.



# بیرین و کینان
# لە هەموو شتێک کۆکن

گۆرانیبێژی ناسراوی تورکی کینان دۆگلۆ هاوسەری خانمە ئەکتەری ناسراو بیرین سات، رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك ئیرەیی بە هاوسەرەکەی نابات و ئەو دیمەنانەش کە لە کارە هونەرییەکانیدا دەینوێنێت، بە زۆر ئاسایی دەزانێت.

لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا کینان وتی: من بە هیچ شێوەیەك بێزار و پەست نیم بەو رۆڵانەی کە بیرین دەیبینێت لە کارە هونەرییەکانیدا تەنانەت دیمەنە وروژێنەرەکانی و ماچ کردنیشم لا ئاساییە، چونکە ئەو خۆی زۆر ماندوو دەکات بۆ ئەوەی لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت و پێویستە هەموو هونەرمەندێك بەم شێوەیە بیربکاتەوە و تەنیا هەوڵ بۆ سەرکەوتنی کارەکانی بدات. کینان لەم بارەیەوە زیاتر وتی: ئێمە تەواو لە یەکتری دەگەن، بۆیە کلیپەکانی من و دیمەنەکانی ئەویش بۆ هەردووکمان ئاساییە و تەنیا لە چاوی بینەرەوە وایە و هیچ پەیوەندییەکی بە هەستەکانمانەوە نییە.

شایەنی باسە رەخنەیەکی زۆر لە بیرین دەگیرێت بە هۆی ئەو جورئەتەی لە کارە هونەرییەکانیدا هەستی پێدەکرێت و جەماوەرەکەی تا رادەیەك بێزار بوون.







# ئەمیتاب بەردەوام دەبێت

ئەمیتاب باتشان یەکێکە لە ناسراوترین ئەکتەرەکانی بۆڵیۆد نەك تەنیا لەسەر ئاستی هیندستان بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان و هەرچەندە تەمەنی گەیشتۆتە ٧٤ ساڵ و زۆربەی هونەرمەندە هاوتەمەنەکانی وازیان هێناوە، بەڵام هەست دەکرێ کە توانای زۆری ماوە پێشکەشی بکات.

بەم دواییە ئەمیتاب باتشان دەربارەی وازهێنانی لە نواندن وتی: ماوەیەکە زۆر کەس پرسیاری ئەوەم لێدەکەن کە بۆچی خۆم خانەنیشن ناکەم و ئەو تەمەنەی ماومە دوور لە هونەر و لەگەڵ خانەوادەکەم بەسەری بەرم، ئەمەش لە خۆشەویستی جەماوەرە بۆ من.

ئەمیتاب لە درێژەی لێدوانەکەیدا سەبارەت بە وازهێنان وتی: من هەست دەکەم هێشتا چالاکم، بۆیە پێموایە وازهێنان و خانەنشینی واتە سڕبوون و مردن، چونکە هیچ کاتێك من خۆشی راستەقینە لە سەروەت و ساماندا نابینمەوە، بەڵکو دەمەوێ هەمیشە چالاك بم.

## شیرین عەزام:

# پێویستە بە کارە هونەرییەکانمان بەرپەرچی هزری تیرۆر بدەینەوە

شیرین عەزام یەکێک بوو لە میوانەکانی دووەم دیداری (سینەما دژی تیرۆر) کە لە سەرەتای ئەم مانگە لە هەولێر ئەنجامدرا بە بەشداری ژمارەیەک کورتە فیلم کە گوزارشتیان لە چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی هزری تیرۆر و تیرۆیستان دەکردەوە، لە دەرفەتێکدا شیرین بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.



*** با لە ناوەکەتەوە دەست پێبکەین، کێ ئەم ناوەی بۆ هەڵبژاردی؟**

- ناوی راستەقینەی خۆم (ئەشجان)ـە، ناوی شیرین زۆر سەرنجی راکێشام و دوای ئەوەی زانیم مانای چی دەگەیەنێت، ئەو ناوەم بۆ خۆم هەڵبژارد.

*** بەشداریتان لە دیداری سینەما دژی تیرۆر کرد لە هەولێر، بەشداریکردنتان چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر پێوەندییە هونەرییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتان بەتایبەتی میسر کە لە بواری سینەمادا زۆر پێشکەوتووە؟**

-سەرەتا پیرۆزبایی لە میللەتی کورد دەکەم کە خەبات دەکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، من زۆر خۆشحاڵم بە بەشداریکردنم لەو دیدارە سینەماییەدا، چونکە پێویستە هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان میللەتاندا هەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە هەر شوێنێك بێت، ئەم دیدارەش کە لە هەولێر ئەنجام دەدرێت، نموونەیەکی باشە بۆ ئەم هاوکارییە.

*** پێشتر سەردانی کوردستانت نەکردووە؟**

- سەبارەت بە سەردانەکەشم ئەمە یەکەم جارە سەردانی کوردستان دەکەم و یەکەم شوێن کە سەردانم کردبێت مینۆمێنتی ئەو ٢٠٠ شەهیدە بوو کە لەساڵی ٢٠٠٤ و لە یەکەم رۆژی جەژنی قوربان بە دەستی تیرۆریستان شەهیدا کران، من زۆر دڵخۆشم کە ئێوە بەهێزتر بوون، نەك هێزی توندوتیژی، بەڵکو هێزی بیرکردنەوە و ئیرادەی بەرزی خۆتان، ئەو هێزە نەرمەی کە دەگاتە هەموو شوێنێك، هەروەهات پێویستە بە کارە هونەرییەکانمان بەرپەرچی هزری تیرۆریستان بدەینەوە، ئێمە لە میسر زۆربەی فیلم و زنجیرە دراماکانمان باس لە تیرۆر و چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی دەکەن، لێرەوە دەمەوێ پیرۆزبایی لە رێکخەرانی ئەم دیدارە سینەماییە بکەم، بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییە هونەرییانە.

***رات دەربارەی فیلمە بەشداربووەکانی ئەم دیدارە چییە؟**

- من هەمیشە بڕوام بەوە هەیە کە تیرۆر هیچ ئایین و وڵاتێکی نییە، زۆر فیلمی بەشداری ئەم دیدارەم بینی هەموویان بڕوای منیان پتەوتر کرد، کە بەڵێ تیرۆر بێ وڵات و ئایینە، لە هەمان کاتدا هیچ جیاوازی ناکات لە نێوان کەس، کورد و عەرەب و موسڵمان و مەسیحی و پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکەش وەك یەك دەکاتە ئامانج بە کوشتن و دەرکردنیان لە شوێنی خۆیان، بە هەمان شێوە لە میسریش کەنیسەکان دەکەنە ئامانج.

*** لەو فیلمە کوردییانەی بینیت، تێبینی چیت کردووە؟**

- دوو شت زۆر سەرنجیان راکێشام، یەکەمیان ئەو ئێش و ئازارەی میللەتی کورد کە دوچاری هاتووە تاکو بگات بەم رۆژگارە، دووەمیان ئەوەیە هەستم بە خۆشەویستییەکی بێ سنوور کرد بۆ پێشمەرگە کە لە سەنگەرەکان بەرگری لە گەل و وڵات دەکەن، من گوێبیستی ئەوە بووم کە بەشێك لە پێشمەرگەکان کاردەکەن و دوای تەواوبوونی کارەکەیان دەچوون لە سەنگەرەکان بەرگرییان دەکرد، بە رای من شەڕ تەنیا ئەوە نییە بەرگری بکەی و لە سەنگەرەکان ئامادە بی، بەڵکو پێویستە ژیان بەردەوام بێت.

*** ئەو پێشوازییەی جەماوەر لە کوردستان لە تۆی کرد، چی دەگەیەنێت بە لای تۆوە؟**

- بۆ من زۆر مانا هەڵدەگرێ، لەوانە خوای گەورە منی خۆشدەوێت، چونکە ئەوەی خوا خۆشی بوێت، وا دەکات خەڵکیش خۆشیان بوێ، هەمیشە دایکم ئەو نزایەی دەکرد کە خەڵك منیان خۆش بوێت.

*** تۆ میوانی دیداری سینەما دژی تیرۆری ودوای ئەوەی سەردانی مینۆمێنتی شەهیدانی یەکی شوباتت کرد، چیت هەیە لە یادی ئەم کارەساتە بیڵێی؟**

- شەهیدانی ئەو کارەساتە پەیامێکمان پێ دەڵێن، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە گیانی خۆمان بەخشی بۆ ئەوەی ئەم رۆژەی ئێستا بێتەدی، دیارە ئەو پێشکەوتنەی کە لە کوردستان هاتۆتەدی بەرهەمی خوێنی ئەم شەهیدە سەربەرزانەیە.



## پرۆفایل

شیرین عەزام ناوی راستەقینەی (ئەشجان محەمەد سەید عەزام)ـە ئەکتەر و سەماکاری بالێیە، ساڵی ١٩٥٦ لەدایکبووە، بەکالریۆسی لە یاسا هەیەو دەرچووی پەیمانگای باڵای بالێیە، سەرەتا بە رۆڵی بچووك لە چەند زنجیرە درامایەك دەستی بە کاری نواندن کردووە. یەکەم دەرکەوتنی راستەقینەی بۆ ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە لە زنجیرە درامای (عیون)، هەروەها زۆر بە سەرکەوتوویی لە شوێنی خانمە ئەکتەر (هوەیدا) رۆڵی سەرەکی بینی لە شانۆگەری (المتزوجون)، تا ئێستاش بەردەوامە و بەشداری لە دەیان زنجیرە و فیلم شانۆگەریدا کردووە.

